بەڕێوەبەری تیمی ئۆتۆمبێلی ڕێدبوڵ ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە دەبێت بەهۆی ناردنی وێنەی نەشیاو

بەڕێوەبەری تیمی ئۆتۆمبێلی ڕێدبوڵ، کریستیان هۆرنەر بەهۆی ناردنی وێنەی نەشیاو بۆ یەکێک لە خانمە کارمەندەکی تیمەکەی و بێزارکردنی بە بەردەوامی بڕیارە لەلایەن تیمی ڕێدبوڵەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت.

کریستیان خانمە کارمەندەکی تیمەکەی بێزاردەکات ڕۆژانە بە ناردنی وێنەی نەشیاو و ڕەفتاری نادروست، ئەو خانمەش ڕاستەوخۆ بە بەڵگەوە داوا لە تیمی ڕێدبوڵ کرد کە ئەم بێزارکردنی کریستیان بوەستێنن، لە کاتێکدا هۆرنەر لە دادگای فیدراسیۆنی ئۆتۆمبێل ناسراو بە (FIA)، ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ڕێدبوڵ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە کرد.

هاوکات بە هۆرنەریشیان گووتووە، کە باشترە کە گرێبەستەکەی لەگەڵ تیمی ڕێدبوڵ هەڵبوەشێننەوە و چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێدبوڵ بەڵێنیان بە هۆرنەر داوە ئەگەر گرێبەستەکەی هەڵبوەشێنێتەوە بابەتەکە بە هەردوولا بە پارێزراوی دەمێنێتەوە و کۆتایی پێدەهێنرێت.